# نامەیەكی كراوە بۆ نەقیبی رۆژنامەنووسان كوردستان

**بەڕێز فرهاد عەونی... ئاوڕێك لە لقی كەركوكی سەندیكا بەرەوە!!**

**ن/ هێمن حەسیب**

ئەز بۆ خۆم رەنگە لە ماوەی دوو ساڵی كاركردنم وەك پەیامنێرێك لە بواری رۆژنامەوانی كوردی شاری كەركوك.. دووجاران بەدیداری بەڕێزتان شادبووم ، جارێك لە كۆنفرانسی لقی كەركوكی سەندیكای رۆژنامەنووسان ، دواجاریش لە خولێكی رۆژنامەوانی لە شاری هەولێر پایتەخت.. جەنابتان لە كۆنفرانسی لقی كەركوكی سەندیكا لە وتەیەكتان كە بەگۆیی ئەندامانی كۆنفراسدا چرپاندتان.. كە بەڕێزتان ئەگەر چی لە سەر لایەنێكی حیزبی لە كۆنگرەی سەندیكا خۆی هەڵبژاردووەو دواتر پۆستی نەقیبی سەندیكای لە لایەن ئەندامانی گۆنگرەوە پێدراوە ، بەڵام بەڕێزت هەرگیز ئامادە نیە بۆ بەرژەوەندی حیزبەكەت جیاوازی لە نیوان رۆژنامەنووسان بكەیت. جا بۆیە لێرەدا من دەمەوی رووی قسەكانم ئاراستەی بەڕێزتان بكەم  وەكو نەقیبی رۆژنامەنووسان رەنگە زۆر ئاگاداریتان لە چونێتی كاری رۆژنامەنووسانو ئەو جیاوازییەی كە لقەكانی سەندیكا لە نیو رۆژنامەنووساندا دەیەكەن، مەبەستشم لقی كەركوكی سەندیكایە و چ جا خۆدی خۆتانیش وەك ئەنجوومەنی باڵا.

بۆ رونتر قسەكردنم لەسەر ئەوەی دەمەوێ باسی لێوە بكەم ئەوەیە كە ماوەی سێ چوار مانگێكە لە نیو رۆژنامەنووسانی كەركوك باس باسی ئەو ئەرزانەیە كە لقی كەركوكی سەندیكا گۆایە وەك لقێكی خەمخۆر لە رۆژنامەنووسانی شارەكە لە هەوڵی دابەشكردنیدان بەسەر رۆژنامەنووساندا بۆ دابینكردنی شوێنی نیشتەجیبوونیان.. تائێره ئەو پەندە كوردییەم وەبیر دەهێنێتەوە كە دەڵێ (هەیاسە لە دیوەخانان چ باسە) ئەگەر نا بۆچی لە هەر كۆییەكدا رۆژنامەنووسیكم بینیبی یەكسەر لێ پرسیووم( ئەری ئەرزەكانی سەندیكا چی وەسەر هات.. ئەرێ تۆ بڵێی شمولمان بكات).

ئەم بە گومانیی بوونەی ئەندامانی سەندیكاش لەو دەرئەنجامەوەیە، كە لقی كەركوكی سەندیكا زۆر بێ ئاگایانەو نەزانانە كاری لەسەر بەكۆمەڵ وەرگرتنی ئەندامانی كردووە، ناسنامەی سەندیكاشی تەخشانو پەخشان كردووەتەوە بە سەر سەرجەم چینو توێژەكانی ئەو شارەدا هەر لە (چایچیو لێخوری ئۆتۆمبێلو پاسەوانو تایپیستی دەزگاكانو خوشكو براو خێزانی رۆژنامەنووسان) هەمموو ئەمانەش بە پلەی ( ئەندامی كارا). كەچی لە بەرامبەر ئەوە رۆژنامەنووس و پەیامنێرانەی كە رۆژانە لەو شارەدا بە دەستی پۆلیسی نەخوێندەوارو پەرپرسی نا بەرپرسو تیرۆریستانەوە تەنگیان پێ هەڵدەچنری (موزایەقە دەكرێن)، لەلایەن سەندیكای رۆژنامەنووسانەوە چ ئەنجوومەنی باڵا چ لقی كەركوكی سەندیكا بە شێوەیەكی زۆر ناعادیلانە مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێو كار لە سەر بە ئەندام بوونیان دەكرێ ئەویش بە وەرگرتنیان بە ( ئەندامی بەشدار یاخۆد مەشقكار ) رەنگە تاوانی ئەو خەڵكە بەڕاست رۆژنامەنووسە لای سەندیكا تەنها ئەوەبێ كە لە پشتگیری دەزگاكەیاندا راستگوویانە باسیان لە (كارەكانیانو تەمەنی كاركردنیان كردبێ ) نەوەكو  ئەو خەڵكە پۆلیسو چایچیو ...هتد، كە بە درۆ قسەی نەستەقو هیچو پوچ پشتگیریەكەیان پڕكردووەتەوەو سەندیكاشیان پێی هەڵخەڵەتاندووە،

نەزانی سەندیکا لەوەدایە کە پشت بە پشتگیری دەزگا راگەیاندەکان دەبەستیو کەچی خودی خۆی بە دەسەڵاتێکی چاودێری نازانی بەسەریانەوە.

دواجاریش لقی ناوبراو بۆ ئەوەی خۆی لە قسەو رەخنەی ئەو خەڵکە بەڕاست رۆژنامەنووسە بدزێتەوە، لەسەر مەسەلەی دابەشکردنی ئەرزەکانی سەندیکا، لە نیو دەزگا راگەیاندنەکانی ئەو شارە لیژنەیەك لە پیاوە دیارەکانی ئەو ڕۆیی گۆڕەپانی رۆژنامەوانی کەرکووك پێکدەهێنێ، بەبێ ئەوەی بڵێ بەشێکی زۆری بەئەندام بوونی ئەو چاپچیی و پۆلیس و لێخوڕیی ئۆتۆمبێلانە و ...هتد.

دەگەڕێتەوە بۆ ئەستۆی ئەوان کە پشتگیرییان بۆ کردوون، بۆ نموونە ئەز بۆخۆم لە رۆژنامەی (کەرکووکی ئەمڕۆ) ماوەی دوو ساڵێك وەك پەیامنێرێك لێی کارم کردووە، بە پەیامنێر و دەستەی نووسەران و سەرنووسەر و... هتد لە شەش کەسی تێنەپەڕاندو کەچی زیاد لە سی کەس لەسەر پشتگیریی سەرنووسەری رۆژنامەکە لەسەر میلاکی رۆژنامەکە بوون بە ئەندامی سەندیکا، لەبەرامبەر ئەوەشدا گەنجگەلێکی زۆر بەتوانا هەبوون کە تا ئەمڕۆ خۆبەخشانە کاری پەیامنێریی بۆ ئەو رۆژنامەیە دەکەن، جەنابی سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە ئامادە نییە پشتگیریی بۆ بەئەندامبوونیان بکات لە سەندیکای ناوبراو.

کەچی لە بەرانبەر ئەم هەموو گەندەلیی و ناعەدالەتییە رۆژێك نەمان بینی و نەمان بیست نەقیبی رۆژنامەنووسان وئەنجوومەنی باڵا لێپرسینەوە لەگەڵ لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەزگاکانی ئەو شارە بکەن لەسەر ئەو بنەمایەی لە شارێکی وەکو کەرکوکدا کە زیاد لە دەیان سەندیکا و یەکێتیی و ... هتد ، رۆژنامەنووسیی "کوردی، عەرەبی، تورکمانی" هەیە، بڵێین چ باسە لە لقی سەندیکاکەی ئێمە (500) رۆژنامەنووس ئەندامە ئەگەر ئەمە لە پشتی پەردەوە شتێکی شاراوە نەبێت. ئەم هەموو رۆژنامەنووسە چون پەیدابوون . بەڵام هەر وەك پەندی پێشانان دەڵێ ( ڕووناکی مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە) کارو بارەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش لە کەرکووك لەو دەمەی کۆنفرانسی بەست ڕوون و ئاشکرا بوو کە سەندیکایەکی بێ توانایە، ئەگەر نا لە ماوەی بەر لە کۆنفرانس لیژنەیەکی گەورە و گران تەنها ناوی (120)کەسی بۆ ئەندامی کۆنفرانس هەڵبژارد کەچی لە ماوەی دوو کاتژمێری بەر لە دەستپێکردنی کۆنفرانس ناوی(70)کەسی دیکەیان زیاد کرد، ئەمش تەنها بۆ ئەوەی تەوافقی هەڵبژاردن تێك نەچێت و هەڵنەوەشێتەوە.

بۆیە لە کۆتاییدا دەمەوێ قسەی بەرپرسێکی حیزبی ئەو شارە باس بکەم کە بە هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسی گوتبوو (رۆژنامەنووس سەگێکەو دەوڕێ و هیچی تری لە دەس نایە).